کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:56 12-2-2007

## کامیان دیموکراسیترن، عەلمانییەکان یان ئیسلامییەکان؟ ... ❊ مەسعود عەبدولخالق

لەنێو کوردستان وا باوە کە ئیسلامییەکان دژ بە دیموکراسین و هەر عەلمانییە دەستەوایە لەگەڵ دیموکراسیەتدا، جێگەی داخە لێرە هەر را و بۆچوونە رادەوەشێنرێ بێ بنچینەی زانستی و تا رادەی پێچەوانەش، واتە سپی کردن بە رەش، هەڵبەتە جۆرە کۆمەڵگە و رۆشنبیرانێك ئەو وەرگەڕانەیان قەبوولە کە لە روانگەی ئەنترۆپۆلۆجیا و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بە رەشۆکی (عەوام) ناو دەبرێن و با بۆینباخدار و ناوی زلیشیان پێوە بێ.

هەڵبەتە وەك ئەزموونی خۆم لە ساڵانی هەشتاکانەوە متمانەم لەسەر وتاری سیاسیی و شایەدی و مێژوویی خۆماڵی لەقە، چونکە بە چاوی خۆم یەکەم پێچەوانەم لە خۆمان بینی، رۆژێك نزیك جەژنی (1981) بە رەسمی ئەندامێکی سەرکردایەتیمان هات بۆ لێدان و شەڕی براکوژی هەڵگیرساندن، کەچی کە شەڕەکەمان بە سەرکەوتوویی تەواو کرد بەتایبەتی لە (سەرگەڵوو و بەرگەڵوو)، کەچی کە شەو داهات و ئێزگەکان بە بەیانێکی (م ـ س) دەستی پێ کرد، هەمووی پێچەوانەی ئەو رۆژە بوو، ئەو باوەڕە پتەوەی منی خستە گومانەوە، ئیتر لە رووداوەکانی تریشم پێچایەوە دەرکەوت ئەوەی من باوەڕم کردبوو کە هەمووی خەتای بەرامبەرە، کەچی زۆربەی پێچەوانە بوو، ئیتر لەو کاتەوە بەخەبەر هاتمەوە کە زۆربەی ئەوەی دەگوترێ پێچەوانەکەی راستە، لێرەش با پێکەوە بچین و بزانین چەندە راستە ئیسلامییەکان نادیموکراسین و عەلمانییش دیموکراسین. بزانین راستە یاخود دیسان پێچەوانەیە. لە پێش ئەو دیموکراسییە دیسان کورد لەو شاخ و داخە لەسەر مارکسیەت و تەفسیرەکانی وەرگەڕابوونە یەك، ئەو کاتە دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و هەڵبژاردن و بازاڕی ئازاد و ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و لیبڕاڵیەت تاوانێك بوو لێخۆشبوونی نەبوو، کەچی ئێستا پێچەوانەیە نازانرێ بەیانیش بەرەو کام مەدرەسەی ترە، ئەوەی جێی سەرنجە ئەو کاتە ئیسلامییەکان بەوە تۆمەتبار بوون گوایە لایەنگیری ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و میسالیەتن، کەچی لەو سەردەمەدا دووبارە بە دژ بە ئیمپریالیزمی و مۆدێرنی رۆژئاوایی تۆمەتبار دەکرێن، لە راستیدا عەلمانیەتی جیهانی ئیسلامی بە گەرمی بەشداریی لەو تۆمەتانەدا کردووە لە هەموو بارێکدا ئیسلامییەکان تۆمەتبار بکەن، چ بە جووڵە و سیاسییانە، چ بە بێ چالاکی لە کاتێکا ئەگەر بێ چالاکی و دوور بن لە سیاسەت و گۆڕەپان، ئەوا پێیان وتراوە (رفیون الشعوب) (1) ئەگەر ڕاشبووبن ئەوا وتوویانە کەی ئاین و سیاسەتیان وتووە. هەر لە کوردستان لە ساڵی (1981) دەنگۆیەکی زۆر لەنێو شۆڕشدا دروست بوو کە مەلایەکانی کوردستان دانیشتوون و ناجووڵێن. مام جەلالیش وەك سەرکردەیەکی مەیدانی و لێزان هاتە سەر ئەو رایە کە پەیوەندیی بە مەلاکانەوە بکرێ، منیش راسپێردرام لەلایەن بەرێزیەوە کە پەیوەندی بەو مەلایانەوە بکەم و بزانین بۆچی ئەوانیش جوڵەیەك ناکەن، چ بێنە نێو یەکێتیمان چ بۆ خۆیان بزووتنەوەیەك دروست بکەن، یەکەم مامۆستا کە (مفاتحە) م کرد مامۆستای (بەرتگرتکە) بوو لە باڵەییاتی، کەچی دوایی کە مامۆستاکان راست بوونەوە و بزووتنەوەیەکیان دروست کرد، ئیتر گوتاری سیاسی گۆڕا، ئەرێ مەلا و حیزب و سیاسەت و چەکیان وتووە! لە راستیدا ئەوەی عەلمانیەتی جیهانی ئیسلامی لە زانا و ئایینپەروەرانی دەوێ ئەوەیە کە تەنها چالاکییەك بێت لە خزمەتی دەسەڵاتداردا، چ زاڵم بێت یان مەزڵوم، واتە (رنێر السلگە ان کان ڤالما رو مڤلوما) لە کوردستان دیسان لایەنی ئیسلامیی چەکدار بەوە تۆمەتبار کراوە کە بۆچی چەکدارن؟ کەچی لایەنی یەکگرتووش بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە بۆچی چەکدار نەبوون و لە شاخ و داکۆکییان لە مافی کورد نەکردووە؟

هەرچەندە خۆشم ئەو رەخنەیەم هەیە، بەڵام بەو تێکەڵییەوە تێکدەرنە نییە، پێم وایە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان فاکتەری خێر بووە، لایەنی بیناکەر بووە، کۆمەڵێك بوون بە پێچەوانەی نەریتی سیاسیی ئێستا خۆنەویست و دەست و دەم پاك بوون، هیچ پەڵەیەکی رەشی مێژوویی لەو جۆرەیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەسەر نییە کە دەستی دوژمنیان کێشابێتە نێو کوردستان، لایەنێك نەبوونە لە شەڕەکانی براکوژی، یارمەتیی هەژارانی کوردستانیان بە بێ جیاوازی داوە، بەرنامەیەکی سیاسیی زانستییانە و گونجاویان هەیە، لەو قەناعەتەدام ئەگەر یەکگرتوو دەسەڵات و حکومەتی بخرێتە دەست، هەموو ئەو قەیرانانەی ئابووری و گەندڵی و گرانی و، دیاردە دزێو و بەربڵاوەکانی پێ چارەسەر دەکرێ، بەڵام ئەوەی جێی گومانە ئەوەیە ئاخۆ چەندە ئەو هەڕەشانە لەسەر کیانی کورد بەتایبەتی لەلایەن عەرەبەوە پێی دەپارێزرێ؟ ئا ئەو گومانە لەنێو میللەت و رای گشتی و لە ناخی تاکی کورددا مەڵاس دراوە خەڵکی کورد ـ بەخۆشمەوە ـ پێمان وا نییە (یەکگرتوو) ئەو پارێزەرە بێت، ئەوەش لەو رەگ و ریشەیەوە دێت کە (یەکگرتوو) بەشداریی شۆڕش و مەینەتییەکانی کوردی نەکردووە، بۆیە لە ئاست ئەو پرسیارەدا زۆر ئیحراجە کاتێ لێیان دەپرسن ئێوە هیچتان بۆ کورد نەکردووە؟ زیاتر ئیحراجییەکە لەوەوە دێت (یەکگرتوو) نایەوێ ئەو سەروەرییە بداتە کۆمەڵ و بزووتنەوە و بڵێ ئەدی ئەوە نییە ئیسلامییەکانی ئێمەش لە شاخ بوون. . ئەوەی نەوتووە، کەواتە یەکێ لە هۆیەکانی وەستانی گەشەکردنی یەکگرتوو لەوەوە دێت کە میللەتی کورد متمانەی نیشتمانی و مافی چارەنووسی پێ نەداوە، کە خواستێکی مان و نەمانی خەڵکی کوردستانە، بۆیە عەلمانیەتی کورد ئەو خاڵە لاوازەی خستۆتە (سێرە) وا پێدەچێ وەك ئەزموونی (محفوظ نحناح) (2) لە جەزائیر ئەو چەکە یاساییە ساز بدرێت لە دژی یەکگرتوو لە کوردستانیش لە زۆر هەنگا و بێبەش بکرێ بەناوی ئەوەی گوایە ئەوان بەشداریی رزگاریی کوردستانیان نەکردووە، هەرچەندە حیزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ خۆیان حەڵاڵیان کردووە کە جاش و خائین و کوردفرۆش کۆ بکەنەوە لەپێناو پاراستنی دەسەڵات و هەڵاتن لە دیموکراسیی راستەقینە، لایەنی کاریگەر هاوێر بکەن، بەهەر جۆرێك بێت، بۆیە دیموکراسی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی جیهانی عەرەبی و هەڵبەتە کوردیش بە نەریتی عەرەبی کاریگەرە، دیموکراسیەتێکە لە شێوەی وەسفی (معمر قذافی) کە لە کۆنگرەی عەرەبی ئەورووپی هاوبەش بە نوکتە وتی (دیموکراسی لەنێو عەرەب لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەمیان (دیموس) لاتینییە، بەڵام دووەمیان (کراس) عەرەبییە واتە (حکم الكراسی) !! ئەی با بزانین لەنێو کورددا مانای چییە. .

کامیان دیموکراسیترن؟ لەوەتەی هەڵمەتەکانی ئیمپریالیزمی لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ سەر جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی عەرەب بناغەی وڵاتیان بۆ دروست کردوون، کە عەلمانی و دیکتاتۆری بێت، بۆیە تا ئێستا دەبینین لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا کەمترین دیموکراسیش نییە، جگە لەوەش رای میللەت و رای رۆشنبیران زۆر بێنرخە، کاتێ لە (هنری کیسنجەر) یان پرسی ژمارەی دانیشتووانی عەرەب چەندە؟ وتی (22) نەرفەن؟!! ئەی دەبێ ژمارەی دانیشتووانی کورد چەند بێ؟! تا رادەیەکی زۆر رایەکەی کسنجەر راستە، چونکە لەسەر دیوارەکان نووسرابوو، (ڕژا قال یێدام قال العراق)، (ڕژا قال حسنی قال مێر) . . . هتد، زیاتر لەوەش عەلمانیەتی عەرەبی دەسەڵاتدار ئێستا بەرە بەرە دەگەڕێتەوە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی کۆن و وا هەریەکە حوکمیش دەکاتە میرات، لە سوریا جێبەجێ را لە لوبنان (ولید جنبلاگ) و (سعد الحریری) حیزبی باوکیان بۆ ماوەتەوە وا لە لیبیا و میسریش ئامادە دەکرێ بۆیە حیزبی عەلمانی بووەتە موڵك بۆ بنەماڵەیەك، چۆن سەیارە و موڵك وماڵیان هەیە، ئاواش حیزبیان هەیە، هەڵبەتە ئەو نەریتە وا دەخشێتە کوردستانیش، بە کورتیش لەنێو عەلمانیەتی عەرەبی و کوردیدا نەك هەر دیموکراسی نییە، بەڵکو شەڕ لەسەر دەسەڵات دەکەن و سەودای لەسەر دەکەن، بە هەموو هەنگاوێك قایلن تەنها دەسەڵاتەکەیان بمێنێ، لە راستیدا ئەگەر عەلمانیەتی کورد و عەرەب بخەینە دووڕیانێك، رێیەکیان وەحدەی عەرەبی یان کوردی و رزگاری تێدا بێ، بەڵام ئەو دەسەڵاتدارانە یاخود رێیەك کە پارچەپارچەیی و دواکەوتوویی بە مەرجی بوونی ئەوانە لەو سەرۆکایەتییە، هەڵبەتە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکسەر ریانی دووەم هەڵدەبژێرین، ئیتر لەژێر سایەی ئەو رێرەوە هەمیشە عەرەب دواکەوتە و پارچەپارچە و دیکتاتۆر و ریسوا دەبن، هەرگیز کوردیش بە رزگاری شاد نابێ.
ئەو حیزبە عەلمانییانە نەك لە دەسەڵاتدا هەتا لەنێو حیزبەکانی خۆشیاندا دیموکراسی نین، بۆیە سەرۆکەکان هەتا مردن هەر سەرۆکن، لە کۆنگرەکانیاندا لە چەپڵە لێدان و هۆسە وەك لە سەرووی دەسەڵات کۆنگرە بەر دەرچووی دەمێننەوە، کەچی لە لای ئیسلامییەکان دەبینین تا رادەیەکی زۆر دیموکراسی هەیە، تەنها لە ئێران تا ئێستا (6) سەرەك کۆمار گۆڕاوە، لە کوردستان ئیسلامییەکان (4) رابەریان گۆڕیوە، حەماس (3) رابەری گۆڕیوە، حیزبوڵلا (3) رابەری گۆڕیوە، لە راستیدا لە هەر شوێنێك ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردندا دەردەچن بوار بۆ لایەنەکانی تری عەلمانیش دەکرێتەوە دەست گۆڕی دەسەڵات زامن دەبێ، لە تورکیا ئەربەکان دەسەڵاتی گرتە دەست و دوایش بەجێیی هێشت، ئەو ئازادییەی ئێستا لە تورکیا هەیە لەژێر سایەی (حزب العدالە و التنمیە) چ بۆ خەڵکی تورکیا چ بۆ کورد لە ژێر سایەی حیزبە عەلمانییەکان نەبووە، هەروەهاش لە فەلەستینی ئێستاش، لە چیچان (4) جار سەرۆك گۆڕاوە، (محەمەد واحدین) لە ئەندەنوسیا ئازادیی بە تەیموری رۆژهەڵات بەخشی، بەشی زۆری ئیسلامییەکان ئازادی دەبەخشن و پابەند دەبن بە سەرەنجامی هەڵبژاردن و بە پێچەوانەوەشەوە عەلمانیەت دژی دیموکراسییە و قایل نییە بە هەڵبژاردن، ئەوەتا لە جەزائیر وا ئێستاش لە فەلەستین تەقە لە دیموکراسی دەکەن، ئەوە لە کوردستانیش بینیمان یان هەڵبژاردن دەبێتە شەڕی براکوژی یاخود بە (تەوافق) دەیکەن، هەڵبەتە تەوافوقیش لەنێو یەك میللەتدا نەکراوە، لەو شوێنانە کراوە کە دوو میللەتی جیان وەك لە (نەمسا و مەجەر) ی کۆن، چیکۆسلۆڤاکیا، قوبرس، لوبنان. . . هتد، لە کوردستان (تەوافوق) بە مانای دابەشی دەسەڵات بە تۆبزی بێ گوێدانە دیموکراسی.
ئەوەی یارمەتیی ئەو گوتارە لەنگەی عەلمانیەتی داخراوی داوە هەندێ لەو تەیارە ئیسلامییانەن کە لە مانای دیموکراسی نەگەیشتوون، جیاوازییان پێ ناکرێ لەنێوان (دیموکراسی) و (لیبراڵ دیموکراس) دا، ئیتر دژی دیموکراسی دەوەستن و بووەتە مادەیەکی سانای مەجانی بۆیان لە دژی ئیسلامییەکان، ئەگەر بە وردتر پێیدا بچین دەبینین تا لە عەلمانیەت دوور کەویتەوە زیاتر دیموکراسی تری، تەنانەت دەبینین سیستەمی پاشایەتی دیموکراسیترن لە کۆمارییەکان، تا رادەیەك دیموکراسی و ئازادییەك لە مەغریب، بەحرەین، قەتەر و کوێت هەیە، بەڵام هیچ ئازادییەك لە دەسەڵاتە عەلمانییەکان نابینرێ، جگە لەوەی لە هەر شوێنێ دیموکراسی راستەقینە هەبێ عەلمانی دۆڕاندوویەتی و ئیسلامی بردوویانەتەوە لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی، کەچی ئەو رێسایە لە کوردستان نایەتە دی یاخود بە جۆرێکی تر ئە پرسیارە گوزارشت بکەین، وا دەبینین عەلمانیەتی کورد گەیشتۆتە کۆڵە رێ، تەنها سەروەرییەکانی شاخی ماوە، ئەگینا دەسەڵاتی بووەتە هۆی:
لە رووی ئابوورییەوە ئەو گرانییە ترسناکەی ئێستا، لە رووی ئیدارییەوە ئەو گەندەڵییە، لە رووی سیاسییەوە ئەو ئەنجامە میکافیلیەتە، لە رووی نیشتمانییەوە ئەو پارچە پارچەیی و پەرتەوازەییە، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە داڕووخانی بناغەی کۆمەڵگەکەمان، لە رووی شارستانییەوە ئەو تەقەزومیە و. . . تاد، کەچی دەبینین یەکگرتوو و لایەنە ئیسلامییەکان لەو دیاردانە بەرپرسیار نین بە پێچەوانەوە فاکتەی بیناکەرن لە کوردستان، ئەی بۆچی بەدیل نین؟ لە راستیدا ئیسلامییەکان لە دوای داڕووخانی خەلافەت بە یەکجاری لە (1924/3/3) لە ململانێیان لەگەڵ عەلمانیەتدا خۆیان بە خاوەن نەزانیوە، چاوشکاو بوون کەمتر بۆ دەسەڵات تەقەلایان داوە، زیاتر لە ململانێ کە مسۆگەری شکستیان کردووە، ئیتر گەڕاون بە شوێنێکی نەرم و نۆڵ لێی بکەون، شەرمیان کردووە بە راشکاوی بڵێن دەسەڵاتمان دەوێ، بۆیە پێشڕەو نەبوون و لە سەرنگەری پێشەوە نین، هەر بۆیەش خۆیان بە خاوەنی کێشەی کوردی نەزانیوە و وایان زانیوە ئەو ئەرکە لە ئەستۆی لایەنە عەلمانییە نەتەوەگەرییەکاندایە. ئەو دۆخەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئیسلامییەکان تا شۆڕشی ئێرانی خومەینی هات، ئینجا ئیسلامییەکان ئەو کۆت و بەندەیان شکاند و ئێستا هەم لە دیموکراسی و هەڵبژاردن و هەم لە نیشتمانپەروەریشدا لە ریزی پێشەوەن، کەچی لە کوردستان هێشتا لە دۆخی کۆندان، هێشتا ئەزموونەکانی پەنجاکانی سەدەی (20) پەیڕەو دەکەن، لە کوردستان ماوەیەکی زۆرە گوتاری سیاسیی یەکگرتوو بە پێچەوانەی ئەو وەستانەی سەروو بووە کە باسی عەلمانیمان کرد، هەوڵی داوە وێنەیان جوان بکا، چەندین ساڵ وتوویەتی بە دیموکراسی و دیالۆگ و ئیقناع گۆڕان دەکرێ، لەپێناو ئەو گوتارەی هەموو شتێکی لێ قبوڵ کردوون، هەتا جاری وا بووە خێریان بە هەژاران کردووە، لێیان قەدەغە کراوە، هەر بێدەنگ بووە لە پێناو ئەوەی بتوانێ بە لایەنە ئیسلامییەکانی تر بڵێ ئەوە نییە بە بێ چەك بە بێ ناخۆشی پرۆژە ستراتیژییەکان سەرکەوتوو بووە، کەچی لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیموکراسی وەك مافێکی خۆی لیستی جیا کردووە لەناکاو هێرش کرایە سەر بارەگاکانیان، ئیتر ئەو ستراتیژیە تاقانەیان پشتەوشکێن کرایەوە و ماکینەی ئیعلامی لەکار کەوت. . لەو کاتەوە یەکگرتوو لە کورتی دەدا ئەندام و لایەنگران و خەڵکی کورد ئەو متمانەیان بەو پرۆژەیە لەق بوو، با هەرچەندە ئەو پرۆژەیەش مرۆڤپەروەری و ئاشتیخواز و دیموکراسییانە و راستەقینە بێت، چونکە جەنگ و شەڕەنگێزی و ناخۆشی بە یەك لا دەکرێ، بەڵام هەرگیز ئاشتی و ئارامی بە یەك لا نایەتە دی. . بۆیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بە زەحمەت لە پرۆژەی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) دەست دەکەوێ، ناچار ئەو هەڵسەنگاندنە ستراتیژییە دەهێڵینەوە لە ژمارەی داهاتوودا وەك بڕیارە و نۆرەی دۆسیەی حیزبی یەکگرتوو لە گۆڤاری (ستاندەر) چاوەڕوان بن بە دوورودرێژی وەڵامی دەدەینەوە.

پەراوێز:

1ـ (محفظ نحناح) : سەرۆکی بزوتنەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی جەزائیر بوو، نوێنەرایەتیی تەیاری برایانی دەکرد لەوێ، زۆر تەبا بوو لەگەڵ دەسەڵات لە هەموو هەنگاوەکان لایەنگیریان بوو، کە بە بڕیارێك بێبەشیان کرد لە خۆکاندیدکردن بۆ سەرۆکایەتی بە بیانووی ئەوەی بەشداریی چەکداری شۆڕشی رزگاریی جەزائیر ـ نۆڤمبەری ـ نەکردووە و دەرکرا.

2ـ ئەو وتەیەی (الدین افیون الشعوب) بۆ مارکس دەگەڕێتەوە.

- خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ستاندەر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.